

# چەند ڕێگەیەکی هاوسەرێتی سەرسوڕهێنەر

وەرگێڕان لە عەرەبییەوە: ژیار قادری



١_ هاوسەرێتی هاوبەش لە نێوان چەند برایەکدا لە تبت

یەکێك لە ڕێگاکانی هاوسەرێتی لە تبت ی چین ڕێگەی هاوسەرێتی هاوبەشە لە نێوان چەند برایەکدا کە لە یەك ماڵ دا دەژین، برا گەورەکە ژنێك هەڵدەبژێرێت و دەبێتە هاوسەری هەموان.

٢_ هاوسەرێتی لە پەنجابی هیندوستان

لە پەنجاب چەند پیاوێك ڕێکدەکەون و پێکدێن لە سەر ئەوەی کە بە یەکەوە ژنێك بخوازن، هەندێك جار ژمارەی ئەم پیاوانە دەگاتە ٦ کەس یا زیاتریش. هەر کاتێك ژنە منداڵی بوو منداڵی یەکەم دەدرێ بە بەتەمەنترین پیاو، منداڵەکانی دواییش بە پێی تەمەن بە پیاوەکانی دیکە دەبڕدرێن.

٣_ شێوازی مارەبڕین لە هێندێك ناوچەی دەوروبەری تبت

لە هەندێك ناوچەی دەورەبەری تبت دا مارەبڕین بەم جۆرەیە:

خزم و کەسوکاری کچەکە، کچە لە سەر بەرزترین داری ناوچەکە دادەنێن و هەموویان لە بن دارەکەدا رادەوەستن و هەرکام تێلا(١)یەك بە دەستەوە دەگرن و هەوڵ دەدەن لە زاوا بدەن کە ناچارە بە نێویان دا تێپەڕێت و خۆی بگەیەنێتە کچە و لەوێی دوور بخاتەوە، بەم جۆرە دەتوانێ ڕەزامەندیی خزم و کەسی کچە بە دەست بێنێ.

٤_ هاوسەرێتی لە هۆزی (تو)دا لە باشووری هیندوستان

لە کاتی گواستنەوەی بووك دا بووکەکە لە سەر زەوی بە خشکە دەڕوات تا دەگاتە بەر دەمی زاوا، کاتێك زاوا قاچی لە ملی کچەکە دا، ئەوا دەبێتە هاوسەریی.

٥_ دورگەی هاوان لە پاسیفیك

له دورگەی هاوان مارەیی کچی جوان بریتییە لە مشك و ژمارەی ئەو مشکانە بە رادەی جوانیی کچەکەوە بەستراوەتەوە واتە هەتا کچەکە جوانتر بێ، ئەوا ژمارەی مشکەکان زیاتر دەبێ.

٦_ مارەبڕین لە جاوە

لە دوورگەی جاوە مارەیی هیچ کچێك لە سەر کوڕێك نابڕدرێت هەتا ٢٥ دانە مشك بە دادوەری ئەم ناوچەیە نەدات، هەروەها هیچ کەسێکیش ناسنامەی دوورگەی جاوەی پێنادرێ مەگەر ٥ دانە مشك بگرێ و بیدا بە دادوەر، ئەم بڕیارە لە لایەن بەڕێوەبەریی جاوەوە بە مەبەستی کەمکردنەوەی ڕێژە و ژمارەی ئەو مشکانە دەرچوو کە مەترسییان هەیە لە سەر بەرهەمی برینجی ئەم دورگەیەدا.

٧_ لە شاری جوندای بورجاس لە هیندوستان

کاتێك کە کوڕێك دەچێتە خوازبێنی کچێك، کچە دەیباتە دارستانێك و بە ئاسنێکی سوورکراوە پشتی داخ دەکا، ئەگەر هاتو کوڕە دەنگی لێوەهات و یان ناڕەزایەتی دەربڕی ئەوە کچە داواکەی ڕەت دەکاتەوە، بەلام گفتی ئەوەی پێدەدات کە لای کچەکانی ناوچە ناوی نەهێنێ و باسی نەکات و ئەگەر ئەم دەنگی لێوە نەهات ئەوا کچە ڕازی دەبێت و شووی پێدەکات.

٨_ ئەندونێزی

لە ڕۆژی زەماوەند و گواستنەوەی بووك دا، بووك لە ماڵێ ناچێتە دەر هەتا باوکە بە کۆڵ نەیباتە شوێنی زەماوەندەکەی.

٩_ دورگەی گرینلەند

لە ناوچە و دێهاتەکانی گرینلەند زاوا دەچێتە ماڵی بووك و بووك بە قژەسەری ڕادەکێشێ تا دەیگەیەنێتە شوێنی زەماوەندەکە.

١٠_ هۆزی جوبیسی لە ئەفریقا

لە شەوی گواستنەوەدا بووکەکە زمانی کون دەکا و پەتێکی درێژی تێدەکا و دەیداتە دەست زاوا بۆ ئەوەی هەرکات زماندرێژی کرد زاوا ڕایکێشێ. ئەو پەتە ماوەی ٣ ساڵ لە زمانی ژنەدا دەمێنێتەوە.



١١_ دورگەی تاهیتی

لە دورگەی تاهیتی کچان ئەگەر بە شوێن گراوی(معشوق)دا بگەڕێن، گوڵێك لە لای چەپی سەریان دەدەن، ئەگەر خۆشەویستیشیان هەبێ ئەوا گوڵەکە لە لای ڕاستی سەریان دەدەن.

١٢_ باشووری ئۆقیانووسی ئارام

ئاسانترین جۆری مارەبڕین لەم ناوچەدا بەڕێوە دەچێت، کە کچ و کوڕەکە دەچنە لای دادوەری ئەو ناوچەیە و دادوەرەکە سەریان لە سەری یەك دەدا و بەو جۆرە دەبنە هاوسەری یەکتر.

سەرچاوە:

وێب سایتی : www.Egypty.com